**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی**

**زانکۆێ سلاحەدین ـ هەولێر**

**کۆلێژی ئاداب**

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
SALAHADIN UNIVERSITY - ERBIL

# ( توێژینەوێکی مێژووییە دەربارەی گوندی کرۆژ ١٩٥٠ـ٢٠٠٣ )

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشکەش بە بەشی (مێژوو) کراوە ، وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی (مێژوو)

**ئامادەکراوە لەلایەن :**

خدیجە محمد جیژنی

**بەسەر پەرشتی :**

د.ئارەزوو

**2024 - 2023**




سورة طه (١١٤)

## پێشکەش کردن

- پێشکەش بە گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان ......
- پێشکەش بە هەموو مامۆستاکانی بەشی مێژوو....
- پێشکەش بە دایک و باوکم وخانەوادەکەم کە هەردەم پشتیوان
- یارمەتی دەرم بوون لەتەواوی پرۆسەکانی خوێندندا ...
- پێشکەش بەسەرجەم خزم و دۆستەکانم ....

# سوپاس و پێزانین


- سوپاسی خودای بەخشندەی ئەرز و ئاسمان دەکەم .
- سوپاس بۆ ( د. ئارەزوو ) ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ .
- سوپاس بۆ ئەو هاورێیانەی یارمەتیان دام لە بەدەست هێنانی زانیاری و سەرچاوەکاندا .
- سوپاسی دایک و باوک و خێزانەکەم دەکەم کە زۆر هاوکارم بووم .

## لیستی ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ئایەت | أ |
| پێشکەش کردن | ب |
| سوپاس وپێزانین | ج |
| ناوەرۆک | د |
| پێشەکی | ١ |
| تەوەری یەکەم : ناو و مێژوو و شوێنی جوگرافیای گوندی کرۆژ | ٢-٦ |
| باسی یەکەم : ناو ومێژووی گوندی کرۆژ | ٢-٤ |
| باسی دووەم : هەلکەوتەیٔ جوگرافی گوندی کرۆژ | ٤-٥ |
| تەوەری دووەم : لایەنی ئابوری گوندی کرۆژ | ٦-١٠ |
| باسی یەکەم : کشتوکالی | ٦-٨ |
| باسی دووەم : ئاژەلداری | ٨-١٠ |
| تەوەری سێیەم : لایەنی سیاسی گوندی کرۆژ | ١١-١٥ |
| باسی یەکەم / ( شۆرشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ ) کاریگەری لەسەر گوندی کرۆژ | ١١-١٢ |
| باسی دووەم / ( شۆرشی ئەیلوولی ١٩٦١-١٩٧٥ ) کاریگەری لەسەر گوندی کرۆژ | ١٢-١٣ |
| باسی سێیەم / ( شۆرشی گوڵان ١٩٧٦ – ١٩٨٠) کاریگەری لەسەر گوندیٔ کرۆژ | ١٣-١٤ |
| باسی چوارەم / دۆخی سیاسی گوندی کرۆژ ( ١٩٨٠ -٢٠٠٣) | ١٤-١٥ |
| تەوەری چوارەم: باردۆخی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری گوندی کرۆژ | ١٦-١٨ |
| باسی یەکەم : لە بواری رۆشنبیری | ١٦ -١٧ |
| باسی دووەم : پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان | ١٧-١٨ |
| | |

# پێشەکی

کرۆژ گوندێکە دەکەوێتە قەزائ کۆیە و پارێزگائ هەولێر ، شوێنیکی گرینگی هەیە لە رووی کشتوکال ئاژەلداریەوە . ئیستاش بایەخی خۆئ هەیە بەلام لەرووی زانستەوە تا ئیستاش ئاوری لێنەدراوەتەوە ، بۆیە ئێمە ئەو بابەتەمان هەلبژارد بۆ توێژینەوە لە رەوشی گوندەکە .

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی چوار تەوەرە ، دەرئەنجام ، لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە ، لەتەوەری یەکەمدا باسمان لەناوی گوندەکەو شوێنی جوگرافیای گوندەکە کردووە . لەتەوەری دووەمدا باسمان لە لایەنی ئابوری کردووە ،لەتەوەری سێیەمدا باسمان لە لایەنی سیاسی کردووە ، لەتەوەری چوارەمیشدا باسمان لە لایەنی کۆملایەتی کردووە ، لە دەرئەنجامیشدا بەچەند خالێک توێژینەوەکەمان خستۆتەروو ، لەلیستی سەرچاوەکانیشدا هەموو ئەوسەرچاوەنەمان خستۆتەروو کە بۆ توێژینەوەکەمان پشتمان پێئ بەستووە .

بێگومان ئامادەکردنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی کۆسپی دێتە پێش ، گرنگترین کۆسپیش کە هاتە پێش ئێمە ، نەبوونی سەرچاوەی نوسراووبوو، بۆیە ناچاربووین کە زیاتر پشت بە چاوپێکەوتن ببەستین یەکەئەوەش بۆ ئێمە کاریکی ئاسان نەبووو، بەهۆی نەبوونی ئەزمونمان لەوبارەیەوە .

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوە پشتمان بەستووە بەچەند سەرچاوەیەک بەستووە لەوانە سەرچاوەئ کتێبی ( عبدالله عفور ، فەرهەنگی جەگرافیائ هەولێر ) کە تیادا باس لەجوگرافیای باشور ی کوردستان دەکات . بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ئێمە چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ ژمارەیەک بوو کەسایتیەکانی گوندی کرۆژ لەوانە ( م.بیلال ، کاک سلێمان، کاک هەرێم ، باجی مریم و باجی نظیف ) هتد ، بێگومان هیچ توێژینەوەک بێ کەم کوری و هەڵە نیە . دڵنیابین کە توێژینەوەکەئ ئیمەش بێئ کەم وکوری نیە ، هیوادارین بەسەرنجی زانستیانە دەولەمەند بکرێت .

## تەوەری یەکەم/ ناو و هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی کرۆژ

کرۆژ گوندێکە لە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر یەکێکە لە گوندەکانی باشووری کوردستان شوێنیکی گرینگی هەیە لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیەوە .

## باسی یەکەم : ناوی گوندی کرۆژ

ناوی گوندی (کرۆژ) بەپێ سەرچاوەیەک هاتنی یاخود دروست بوونی ناوی کرۆژ دەگەرێتەوە بۆ کرداری رۆژ دانیشتوانی ئەم گوندە لە کۆنەوە خەریکی پیشەی ئاژەڵداری و کشتوکالی بوون کارکردن بە رۆژ (١) . بەپێ زانیاریەکی دیکە ناوی (کرۆژ) دەگەرێنەوە بۆ داری کرۆسک ئەمە دارێکی خۆرسکەو بەهۆی هەبوونی ئاوێکی زۆر لەم ناوچەیە هەلی رەخساندووە بۆ ئەم دارە بۆیە ناوەکە دەگرێنەوە بۆ داری کرۆسک (٢) .

**هەلکەوتەی جوگرافیای گوندی کرۆژ** : لەڕووی هەلکەوتەئ جوگرافیای گوندی کرۆژ ٧٠ کم لەسەنتەری پاریزگای هەولیر و ١٦ کم لەسەنتەری قەزائ کۆیەوە دوورە ، ناوچەکە دەکەوێتە قەزائ کۆیە و سەر بە پارێزگائ هەولێرە ، گوندەکە لە باکورە وە هاوسنووری گوندی سماقولی گەلی لە باشورەوە هاوسنووری گوندی کانییە لە رۆژهەلاتەوە هاوسنووری کۆیە یە لە رۆژئاواشەوە گوندی سێنانە (٣) ،

---

(١). چاوپیکەوتن لەگەڵ ( بیلال سلیمان ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٧/١٠/ ٢٠٢٣/ ، لەسالی ١٩٨٩ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ مامۆستا .

(٢) . چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سەلیم سەلام معروف) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٧/١٠ / ٢٠٢٣ ، لەسالی ١٩٥٧ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ موختاری گوندی کرۆژ .

(٣) . چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سلێمان عومەر ) لەگوندی کرۆژ ، ٢٧/ ١٠/ ٢٠٢٣ ، لەسالی ١٩٦٧ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ خەریکی کشتوکال و ئاژەلداریە .

گونــدی کـــرۆژ دەکەوێـــتە نێـــوان هێلـــی درێـــژی ٤٤.٥٦١٤ هێلـــی پـــانی ٣٦.١٥٤٥ بە دۆنمـــیش ٦٢١٦ دۆنـــم ، ژمـــارەئ دانیشـــتوانی بە گـــوێرەئ ســـەرژمێری ســـالی ١٩٩٧ ژمـــــارەئ دانییشـــــتوانی ( ٩٧) کەس بـــــوو لە ، ســـــالی ٢٠٠٩ دەگـــــاتە( ١٧٨ ) کەس هەروەها رێژەئ مالەکان لە گوندەکەدا ( ٢٥) مال دەبن (١) .

لەڕووی پێـــک هـــاتەی تۆبۆگرافیـــاوە نـــاوچەکە بە گشـــتی خـــاکەکەئ بەرزو نزمـــی زۆری تێـــدایە ، پانتـــایەکی فراوانـــی زەوی دەگـــرێتەوە ، نـــاوچەئ دەشـــتایەکانی وەک ( شـــیلانە ، بنـــاوئ قەرە قـــوم )، لە رۆژهەلات چیـــای پشـــدێندە لە رۆژ ئـــاواو و باشـــوری رۆژئـــاوا چیـــای بنەبـــاوی لە باکوریشـــەوە چیـــای ئـــاوەگرد کە ١٤١٥م بەرزە لە رووی ئاســـتی دەریـــاوە ، لە رووی دۆڵیشـــەوە نـــاوچەی کـــرۆژ پێـــک هـــاتوە لە دۆڵێکـــی گەورە بەنـــاوی دۆڵـــی ســـماقولی کە زیـــاتر لە پێـــنج گونـــد لە خـــۆ دەگـــرێ بەناوەکـــانی سوســـێ ، ســـەروچاوە ، گرتـــک ، ســـێنان ، کـــرۆژ ، ســـماقوڵی گەری وە ، چەنـــدین دۆڵـــی بچـــوکیش کەوتـــۆتە نێـــو جوگرافیـــای ئەم گونـــدە وەک دۆڵـــی مـــۆمن دۆڵـــی شـــێخ نـــوری کـــوژراو چەنـــد گەریەک کەوتـــۆتە ئەم نـــاوچەیە گەریـــی بەشـــێوەی دۆڵە بەڵام بچـــوکترە وەک گەری هەرمیـــان و گەری تەیـــاری ، گەری غەران، تەنهـــا یەک رووبـــاری هەیە ئەویـــش ڕووبـــاری گونـــدی کـــرۆژ وە ســـەرچاوەی ئەم ڕوبـــارەکەش هەر لەنـــاو ســـنوری گونـــدی کـــرۆژە بە کەمتـــر لە یەک کـــم لەدووری گونـــدەکە ، گـــردی گـــردە ســـۆر و بـــانی میرســـەن ئەمـــانە لەگونـــدەکەدا بەرزو نزمی ناوچەکەدا هەیە (٢).

---

(١) د .عبدالله غفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر، ٢٠١٥ ) ، ل ٤٥٤ .

(٢) چـــاوپێکەوتن لەگەل ( غفـــور عـــومەر ) لە گونـــدی کـــرۆژ ، ٢٠٢٣/١١/١٠ ، ١٩٦٩ لەدایـــک بـــووە ، لەگونـــدی کرۆژخەریکـــی کشتوکال و ئاژەلداریە .

**میـــژووی دروســـت بـــوونی گونـــدەکە ؛** میـــژووی دروســـت بـــوونی گونـــدەکە ، بەقســـــەئ گەورەو بەســـــاڵاچوانی گونـــــدەکە دەیگەرێــــنەوە بـــۆ ســـــالی ( ١٩٥٠ ) کە ســـەرەتا خەڵکـــی کـــرۆژ نەبـــوون بەڵکـــو ســـەرەتا، ئەم گونـــدەیان لە ئافرەتێـــک کـــڕیێ وە کە ئـــــافرەتەکە خەڵکـــــی فەقیـــان بـــــووە دواترئاوەدانیـــان کـــــردووە و خەڵــــکەکە تیــــا ماوەتەوە ژیانیان تیادا دەست پێ کردووە لە گوندەکەدا ماونەتەوە (١) .

**دانیشـــــتوونی گونـــــدی کـــــرۆژ ؛** دانیشـــــتوانی گونـــــدەکە زۆربەیـــــان لەبنمـــــاڵەئ شـــیخی گـــــڵەزەردن ، واتـــــا شـــیخی بەرزنـــــجە کە لەبنچیـــــنەوە لەســـــلێمانی هـــــاتوون لە ئیستادا لەگوندەکەدا نیشتەجێن (٢) .

## باسی دووەم : شوێنەواری مێژوویی گوندی کرۆژ:

**ئەشـــــکەوتی کـــــونی کـــــرۆژ:** دەکەوێـــــتە قەزای کـــــۆیە و لە چیـــــای بـــــاواجی هەڵکەوتـــــووە. ئەشـــــکەوتەکە بە دەرگـــــایەکی بچـــــووک دەســـــتپێدەکات و لە نـــــاوەوە فـــــراوان دەبێـــت . هەروەهـــا چەنـــدین رێـــگەی لێـــدەبێتەوەو چەنـــدین هـــۆڵ و ژووری گەورە دروســـــتدەبن . کانیـــــاوێکی گەورە لەنێـــو ئەشـــــکەوتەکە دەرکەوتـــــووە، دەبـــــێ ســـــەردانکەرانی بە پەت بچـــــنە خـــــوارەوە بەشـــــوێنی هـــێلانەی شەمشـــــەمەکوێرە دادەنرێـــت .(٣)

---

(١). چـــــاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحـــــمەد عـــــومەر ) ، لەگونـــــدی کـــــرۆژ ، ٢٠٢٣/١١/١٠ ، لەســـــالی ١٩٨٠لەدایـــــک بـــــووە ، لەگونـــــدی کـــــرۆژ خەریکی کشتوکال و ئاژەلداریە.

(٢) چـــــاوپێکەوتن لەگەڵ ( پشـــــتیوان عبـــــدالله ) ، لەگونـــــدی بـــــادەوان ، ٢٠٢٣/١١/١٠، لەســـــالی ١٩٨٤ لەدایـــــک بـــــووە ، لەگونـــــدی کرۆژخەریکی کشتوکال و ئاژەلداریە .

(٣) چـــــاوپێکەوتن لەگەڵ ( ســـــەلیم ســـــەلام معـــــروف) ، لەگونـــــدی کـــــرۆژ ، ١٠/٢٧ / ٢٠٢٣ ، لەســـــالی ١٩٥٧ لەدایـــــک بـــــووە ، لەگونـــــدی کرۆژ موختاری گوندی کرۆژ .

له هەنــدێک شــوێن دەبــێ گەڕیــدەکان لەســەر چــۆک بــڕۆن بــۆ ئەوەی بتــوانن بــگەنە هەمــــوو شـــوێنێک ، هەروەهــــا یەکـــێکە لە تـــــاریکترین ئەشـــکەوتەکان ، بەهـــۆی بـــوونی شـــێ، کە تیشـــکی روونـــاکی دەشـــکێنێتەوەو بە ئاســـانی روونـــاک نـــابێتەوە ، ئـــــاوی کانیـــــاوەکە بەهـــۆی زۆری کبریـــــت بـــــۆ خـــــواردنەوە ناشـــێت، بەڵام بـــــۆ نەخۆشییەکانی پێست بەکاردەهێنرێت(١).

**چیـــای پشـــدێنە** : ئەو چیـــایە نـــاوەکەئ لەوەوە هـــاتوە کە وەک پشـــدین ناوراســـتی چیـــاکە بە بەردی بەســـتراوە وەک پشـــدین خربـــۆتەوە بـــۆیە ناویـــان لـــێ نـــاوە پشـــدینە ســـەبارەت بە شـــوینەواری چیـــایەکە ئەوا پاشـــماوەئ چەنـــدین رەبـــایەئ پێشـــمەرگە و چەنـــدین گـــولەئ تـــوپ و هەروهـــا گـــولەئ تفەنگـــی چەنـــدین پاشـــماوە ئیســـک و پروســـکی مـــرۆڤ و کەلـــووپەکی کـــۆنی لەســـەر چیـــاکەدا بوونیـــان هەیە چەنـــدین رەبـــایەی پێشـــمەرگەو شوێنەواری گولەو شوێنی بچووکی تیا دۆزراوەتەوە (٢) .

---

(١) . بەرنـــامەی رووداو ، گونـــدی کـــرۆژ ، ئامـــادەکردن و پێشکەشـــکردن ، حەیـــدەر عـــومەر ، لەرێکەوتـــی ٣٠/٢/ ٢٠٢١ پەخشکراوە .

(٢) . چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ( ســـەلیم ســـەلام محـــروف ) ، لەگونـــدی کـــرۆژ ، ١١/١٠ / ٢٠٢٣ ، لەســـالی ١٩٥٧ لەدایـــک بـــووە ، لەگوندی کرۆژ موختار .

## تەوەری دووەم / لایەنی ئابوری گوندی کرۆژ

لەبەر گرینگی لایەنی کشتوکاڵ کردن وەک بەروبوومێکی بژێوی و پەیداکردنی خۆراک بۆ دانیشتوان لەساڵانی زۆر زووەکاندا بایەخی باشی پێ دراوە .

## باسی یەکەم . لایەنی کشتوکالی گوندی کرۆژ

چالاکی کشتوکالی یەکێکە لە بنەماکانی سەرەکیەکانی ئابوری دانیشتوانی گوندنشینەکانی پارێزگای هەولێر ، بەهۆی باردۆخە سروشتیەکەی کە خۆی لەبوونی رووبەرێکی گەورەی زەوی شیاوی زەوی کشتوکاڵی و زۆری سەرچاوە ئاوییەکان سەرباری و گونجاوی ئاو و هەواکەی دا دەبینێتەوە وای کردوە کە ناوچەکە لەبار بێت بۆ ئەم جۆرە چالاکییە ، بۆیە کشتوکال لەو فاکتەرە ئابورییە گرنگانەیە کەکار دەکاتە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان وچریان لەبەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئەمەش بە کاریگەری شێوازەکانی کشتوکاڵکردن و ڕێگاکانی ئاودێری و جۆری بەروبوومە کان کە رۆلێکی زۆر گەورەیان هەبووە [١].

لەگوندی کرۆژ بەرهەمی کشتوکالی جۆراو جۆری تێدایە دەچێنرێت و بەرهەمی زستانە وهاوینەدەکەن بەرووبوومە بژێوییەکان کە بریتین لە ( گەنم ، جۆ ، برنج ، شوتی ، تەماتە ، پیاز ، باینجان ، بامیە ، خیار ) پێداویستی ناوخۆیی پێ پرکراوەتەوە وئەوەی لە خۆیان زیاد بووە ناردراوەتە دەرەوە یاخود هەلگیراوە بۆ وەرزیکی دیکە سەرەڕایی ئەوە ئاستەنگ وکیشانە روو بەروویان بۆتەوە کشتوکالی بەپێی سیستەمی کۆن و بە ئامێری زۆر سادە ئەنجام دەدرا وەک ئیستا نەبوو ئاوا بە ئاسانی بە ماوەیەکی کەم شتەکانی بچێنرێت ، بەلکو ماوەیەکی زۆری ئەخایاند (٢).

---

(١) ( لەتیف سەرهەد ) ، چاوپێکەوتن ، ١٢ /٢٠٢٤/١ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( کاکە جوان ) لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤ /١/١٢ ، لەساڵی١٩٧٠ لەدایک بووە لەگوندی کرۆژ ، خەریکی کشتوکال ئاژەڵداریە .

بەهۆئ نەبوونی ئامێرەکانی کشتوکاڵکردن بە تایبەت (تراکتۆر ، خەرماشە) ، زیاتر پشت بە توانائ هێزی خۆیان ئەیانچاند ئامرازە سەرەکییەکان چەندین سەدەبوون نەگۆڕا بوون و زەوی هەر بە هەوجار دەوری کۆن دەکێلدرا کە بەزۆر گا جووت و لە هەندیک شوێن ئەسپ و ئیستر ڕای دە کێشا گەنم و جۆ بە نۆرە ویەک لە دوائ یەک پارچە زەوی دەچێنرێت خاکیش لە دەشتایەکان بە بەیار بەجێناهیلریت گەنم و جۆئ لێئ تۆ دەکرێت هەموو ئەندامانی خێزان بەشداردەبوون لە کاری کشتوکالکردن و کێلان و داچاندن دا زۆر جار کارەکانی بە هەرەوەزی ئەنجام دەدرا بۆنموونە درۆینە کردن لە کۆتایی پایز خەلکی چاوەروانی بارانیان دەکرد یان سەرەتای زستان زەویەکانیان دەکێلا بە گاسن وولاغ پاش کێلانی تویان دەکرد بەزۆر گەنم و جۆ لەسەرەتای زستانەوە چاوەڕوانی بارانیان دەکرد پاش باران بارین لەکەشی هاوینەدا لەوکاتەدا داس وشەغریان ئامادەدەکرد لە مانگی مایس جۆئ پێرا دەگەیشت و درۆینەیان دەکرد بە هەرەوازی درۆینەکە یان ئەنجام دەدا، بە شەغرە قرشەکانیان دەکێشاوە لە مانگی حوزەیران و تەمووز بەهەمان شێوە گەنمە کەیان درۆینە دەکرد دەیان کرد بە جۆخین و بەرهەمە کانیان کۆ دەکردەوە بە جەنجەو وولاغ گەنمە کەیان ، ئامادەدەکرد پاش شەنەکردنی لە شێوەئ وردە گەنم وکایە کەیان لێک جیا دەکردەوە لەجۆخین گەنمەکەیان دەکێشایەوە بۆ عەمبار و بەشێکیان دەفرۆشت کایەکەش دەکێشرا لەوە عەمباریان دەکرد بەشێکیان بۆ سالی دووەم هەڵدەگیراو ئامادەدەکرا بۆ تۆ کردن (١). لە گوندی کرۆژ جۆگەئ ئاو هەبووە رووبارێکی پیا تێپەر دەبیئ خەلک گوندەکە سودێکی زۆیان لەو جۆگەو رووبارە دەبینی بەرووبوومی ( برنجیان ) دەچاند ، لەگوندی کرۆژ لەسالانی هەشتاکان تاکو ناوراستی هەشتاکان بەهۆئ ئاوی رووبارەکان ئەوە خەلکەکەئ زۆر برنجیان دەکرد(٢)

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەل، (رەئوف رەشید ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی ١٩٦٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ خەریکی کشتوکال و ئاژەڵداریە .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل ، (نیازحاجی مەلا ) لەگوندی کرۆژ ، لەرێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی ١٩٨٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ ، خەریکی کشتوکال و ئاژەڵداریە .

جـــگه لەوەی باســـمان کـــرد گونـــدی کـــرۆژ دوای ئەوەئ کشـــتوکال زیـــاتر پەرەئ ســـەند خەلـــکەکە زۆرتـــر بەرەو ڕووی کشـــتوکال ڕۆیشـــت و بەهـــۆئ باشـــی بەر و بـــومەکە ، بە منـــدال و پیـــر و ژن خەریـــک بـــوون و وەرزی دروێـــنە یـــان تـــۆکردن بە هەرەوەزی تیـــدا بەژداربـــوون وە جـــگە لە وەش خـــاکەکەی بەپیـــت بـــوو بە هەمـــوو جـــۆرە بەرهەمەک پێویســـتی بە هـــیچ جـــۆرە پەینێـــک نەبـــوو وەک پاشـــماوەئ مریشـــک و پەلەوەرەکـــان ، بـــۆیە خەلـــکەکە کشـــتوکالیان بە بربـــرەئ پشـــتی خۆیـــان زانیـــوە تەنیـــا ئەوە نەبێـــت لە ســـالی نەوەتەکـــان گونـــدی گـــرۆژ توشـــی ئافـــاتی سروشـــتی دەبـــێ هێرشـــی میرووەکـــان و کولەکـــان دەبیـــت و زیـــانیکی زۆربە لـــق و پـــۆپی دارەکـــان درخـــت دەدا ، چـــونکە تەنیـــا ئەگەر هێرشـــی میرووەکـــان نەبیـــت ئەوە کشـــتوکال بەرهەمـــی بژێـــویی هەمـــوو گونـــدی کـــرۆژ پەیـــدادەکات و بێکیشـــەن ، خەلـــکەکە بـــۆ گونـــدەکانی دەوروبەری خۆیـــان رەوان کـــردووە نەک تەنیـــا بـــۆ خۆیـــان کەواتە دەکـــرئ بلـــێن وەک بازرگـــانیکیی ناوخۆیی بچووک بووە [١] .

**باســـی دووەم . ئاژەلـــداری** لە ڕووی ســـامانی ئاژەڵـــداریەوە وەک هەر نـــاوچەیەکی دیـــکە بـــایەخ بەخێـــوکردنی ئـــاژەڵ دراوە بە هەردوو جـــۆری ئـــاژەڵی ( مـــاڵی و پەلەوەر ) لەدیـــارترین ئەم جـــۆرانەئ لەنـــاوچەکە هەبـــوونە وەک ( رەشـــولاغ ، مەر ، بـــزن ، مانگـــا ) زۆر لە کـــرۆژ بەرچـــاو دەکەون و بە خێـــودەکرێن ، ماســـتی بەتـــام وبەچیـــژ لـــێ دروســـت کـــراوە ،کە ماســـتی مەر و مانگـــا و بزنـــی کـــرۆژ لە نـــاوچەی کـــۆیە و ســـماقولی بەناوبـــانگە هەروەهـــا پەنیـــری کـــوردی و ژاژی و لـــۆر و فـــرۆ و دۆ قەیمـــاغ و ســـود لە خـــوری و پێســـتەی وەرگیـــراوە پاشماوەکەشـــی بـــۆ ئـــاگر دان بەکارهـــاتووە ، بـــزنیش وەک مەر چـــاو لەســـەرەبەلام بە ڕێژەیەکـــی کەمتـــر ئەویـــش بـــۆ ماســـتو وپەنیـــر ، بەلام زیـــاتر بـــۆ پەنیـــر بەکارهـــاتوە مانگـــاش یەک لەو ئـــاژەلانەیە کە بەخیـــو کـــراوە کە شـــیری مانگـــا و ماســـتەکەئ وەک دیـــاری رەوانە کـــراوە بـــۆ خەلکـــی دیار (٢).

(١). چـــاوپێکەوتن لەگەل (ئەحـــمەد عـــومەر ) ، لەگونـــدی کـــرۆژ ، ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەســـالی ١٩٨٠لەدایـــک بـــووە ، لەگونـــدی کـــرۆژ لەبواری پەلەوەرەوە. بوونە .

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەل ( لەتیـــف ســـەرهەد ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، ٢٠٢٤ /١/١٢، لەســـالی١٩٦٤ لەدایـــک بـــووە لەگونـــدی کـــرۆژ لەبواری پەلەوەرەوە بوونە .

هەروەهـــا دروســـت کردنـــی ماســـت لەو شـــیرە بەدەســـتی کابانەکـــانی کـــرۆژ وەک ( پـــورە مـــریەم پـــورە نظیـــف نەنە حلـــیم و هتـــد ) دەســـت رەنگـــین بـــوونە هەروەهـــا پەنیـــریش بـــۆ مەبەســـتی ئەســـتوکە پەنیـــر و هەروەهـــا پەنیـــر تـــیکەل بە ژاژی کـــراوە ، هەروهـــا لە کـــرۆژ ریـــژەئ ئاژەلەکـــانی شـــیردەر ریژەیـــان بەم جـــۆرە بـــووە لە کـــرۆژ لە ســـالانی راگواســـتندا بە(٣٥٠) ســـەر مەرو بـــزن بـــووە (٢٠٠) ســـەر رەشـــولاخ و مانگـــائ هەبـــوو بەلام لە ئیســـتادا رێـــژەکەئ کەمتـــرە لەچـــاو ئەو کـــاتەدا لەئیســـتادا (٢٠٠) ســـەر مـــالات و (١٥٠) ســـەر رەشـــەولاخی هەیە ، ئەمەش لەبەر نەبـــوونی هەلـــومەرجی پیویســـت نەبـــوونی پزیشـــکی ڤیـــرتنەری لەنـــاوچەکەو نەبـــوونی کوتـــان تەنـــانەت بـــۆ پەلەوەریـــش (١). هەروەهـــا ئەوئـــاژەلانەئ کە بـــۆ پاســـەوانی یـــان بـــارکردن یـــان ئیشـــی جۆراوجۆربەکاردەهـــات ، وەک (ســـەگ-تـــاژی ) کە زۆربەئ مالەکـــانی کـــرۆژ وەک پاســـەوان بەکاریـــان دەهێنـــا مـــالی وائ تێـــدابوو ٤ ســـەگی هەبـــووە ئەمەش بـــۆ پارێزگـــاری کـــردن لەمەروماڵاتیـــان شـــەوانە یـــان لەمـــالو حالیـــان شـــەوانە یـــان لەکـــاتی لەوەرانـــدنی مەرو مـــاڵات لەدەشـــت یـــان کاتێـــک شـــوانەکەکانی کـــرۆژ بـــۆ لەوەرانـــدن دەچـــوونە نـــاوچەی کـــۆیە و ئـــاوەگرد بنـــاوی لەگەل خۆیـــان بەزۆری دوو ســـەگیان دە بـــرد بـــۆ پاســـەوانی ، یـــان راوەدونـــانی گـــورگ و رێوی کە هێرشیان بۆ پەلەوەر دەهێنا بۆ مەر و مالات(٢) .

---

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەل ، (پـــورە مـــریەم ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، لەرێکەوتـــی ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەســـالی ١٩٦٦ لەدایـــک بـــووە ، لەگونـــدی کرۆژ ، لەبواری ئاژەلداریەوە بوونە .

(٢) . چـــاوپێکەوتن لەگەل ( پـــورە نظیـــف ) ، لەگونـــدی کـــرۆژ ، ١/١٢ / ٢٠٢٤ ، لەســـالی ١٩٦٤ لەدایـــک بـــووە ، لەگونـــدی کـــرۆژ لەبواری ئاژەلداریەوە بوونە .

یاخود بەکارهێنانی ئاژەڵ و مەبەستی بارکردن وەک ( گوێدرێژ – ئەسپ ) کە بەزۆری بەرادەیکی زۆر مالەکان گوێدرێژیان هەبوو لەگەڵ رانە مەر لەگەڵ دابوو یان بۆ مەبەستی گواستنەوە کەلوپەل یان کەلوپەلی شوانەکە یان کرۆژ ئەو کاتە ماستیان دەبردە شار بە گوێدرێژ بۆ نزیک شارۆچکەکان (١).

ئاژەڵداری لە کرۆژ بەردەوام بووە تائێستاش لایەنی زۆری خەڵکەکە بە بەرهەمێنانی ماست و پەنیر دۆ خەریکن بۆتە سەرچاوەئ بژێوی زۆرینەیان کە ژیانیان لەسەر مەر و ماڵات بەرهەمی سپیایی بووە ، لەسالی هەشتاکان بە هۆئ نەخۆشی لە نێو مەرومالات بەرهەم زۆر زۆر کەم بوو تەنیا ئەوانەئ چونە ناو زورگ ئەو ڕانانە دوربوون لە نەخۆشی ، هەروەها بەرهەمی خوری کە جاری وا هەبووە لەنێو کرۆژ خودی خۆئ بازرگانی پێوە کراوە یان جاری وا هەبووە لەبەرامبەر ماست خوریان داوە یان کەشک و پەنیر بەرانبەر گەنم و جۆ، هەروەها هەموو سالێک سەرەتای بەدیار کەوتنی ماستی مەڕ وەجبەی یەکەمی ماستەکە وەک دیاری بۆ دراوسێکان دەنێردران، ئەو دیاردەیە لەنێوان هەموان هەبوو ئەوەئ ماستی هەبا ماست بەرانبەر ماست هەدیە بوو ئەوەشی نەیبا بە میوە یان خوری یان خوێ دەێناردەوە بە مانائ نمەک کردنی خەڵکی کرۆژئەم دیاردەیە زۆر جوان بوو لە نێو خەڵکەدا(٢).

---

(١). چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد عومەر ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی ١٩٨٠لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ خەریکی کشتوکال و ئاژەڵدارییە.

(٢) . چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سەلیم سەلام محروف ) ، لەگوندی کرۆژ ، ١/١٢ / ٢٠٢٤ ، لەسالی ١٩٥٧ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ موختار .

## تەوەری سێیەم / لایەنی سیاسی

دەربارەی باردۆخی سیاسی گوندی کرۆژ وەکو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان خەڵکەکەی دووچاری شەڕ و وێرانکردن و ئازار مەینەتی بووبوونەوە . خەلکی گوند لە پێناو هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بەردەوام لەخەبات و رۆڵگێران دابوون کەم تا زۆر رۆڵی خۆیان گێراوە لە زۆرینەی راپەرینە کوردیەکان.

### باسی یەکەم / ( شۆرشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ ) کاریگەری لەسەر گوندی کرۆژ

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ ڕادیۆ بەغدا مـوژدەی نەمانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و هاتنەسەر کاری دەوڵەتی کۆماریی عێراقی ڕاگەیاند. لە یەکەم بەیاننامەی شۆڕشدا کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی بڵاوکرایەوە، بەڵێنی ماف و ئازادییان بە خەڵکدا. بە بیستنی ئەو بەیانە، گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕابوو، نوقڵیان بڵاوکردەوە و بە شایی و هەڵپەرکێ جەژنیان گرت و ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کرد. کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کە لەنێو بەشێک لە خەباتکارانی کورددا بە شۆڕش ناو دەبردرێت، لە پرۆسەی خەباتێکی خوێناویی دەیان ساڵەدا بەئەنجام گەیشت، لە سەردەمی کودەتای تەموزدا، سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ ٥٠٠ هاوڕێی لە یەکیەتی سۆڤیەت بوو. ڕاوێژکاری بەشی پێوەندییەکانیان کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، "ڤۆلۆشین" کە ئەرکی پێوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی لەسەرشان بوو، هەواڵی شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ی عێراقی بە بارزانی ڕاگەیاند. ئەوە هەواڵێکی هەرە خۆشبوو بۆ بارزانی و هەڤاڵانی کە دەیتوانی چارەنوسیان بگۆڕێت و دوای نزیک بە ١٣ ساڵ دووریی لە وڵات بگەڕێنەوە و لە نزیکەوە بۆ ماف و ئازادیی و ڕزگاریی گەل و وڵاتەکەیان تێبکۆشن (١). رۆلی گوندی کرۆژ وەک هەموو گوندەکانی تر و شار و ناوچەکانی دی پشتگیریان بۆ شۆرش هەبوو لایان باش بوو کۆتایی بەدەسەڵاتی پاشایەتی بێت و سەردەمێکی نوێ بە نێوی کۆماری بێتە کایەوە، کە ئەو کات وەک قالای ئازادی سەیر دەکرا (٢).

(١) چاوپێکەوتن لەگەل ( کاکە جوان ) لەگوندی کرۆژ ، ٢/٩/ ٢٠٢٤ ، لەسالی١٩٧٠ ، لەدایک بووە لەگوندی کرۆژ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل ( غفور عومەر ) لە گوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/٢/٩ ، ١٩٦٩ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ .

## باسی دووەم / ( شۆرشی ئەیلوولی ١٩٦١-١٩٧٥ ) کاریگەری لەسەر گوندی کرۆژ

سەبارەت بە شۆرشی ئەیلوول شۆرشێکی گرینگی باشوری کوردستان کە (١١ ئەیلولی ١٩٦١ ) هەڵگیرسا ، شۆڕشێکی سەرتاسەری بوو ، بەڕابەرایەتی ( مەلا مستەفا بارزانی ) دەستی پێ کرد لەپێناو بەگژداچوونەوەی زولم و ستەم و نادادییەکانی ئەو سەردەمەی ڕژێمی عێراق بوو دژ بەکورد ، بۆ نموونە شەری سەربازگە ١٩٦٥ ، شەری چەند پێشمەرگە بەجەرگە بوونە کە دەیان ویست چالاکی پارتی زانی ئەنجام بدەن دژی رژێمی بەعس لەدوائ ئەم چالاکی ئەم دوو پێشمەرگەیە کە رژێمی بەعس پێ زانی ئەوا گوندی کرۆژ و گوندەکانی تری نزیک کرۆژ هەمووی توشی راگواستن و کاولکاری بوون خەلکانی گوندەکە هەمووی راگویزران بۆ شار و شارۆچکەکانی هەلێر و کۆیە رانیەو حاجیاوە بۆ ماوەئ چەند سالێک لەسەر ئەو چالاکیەئ پێشمەرگە و پارتی زانیەئ ، هەر سەبارەت بە ئەنجامی شەرەکە لەوکاتەدا رژێمی بەعس هەردوو پێشمەرگە نوری و ئەحمەد هەر لەنێو گوندی کرۆژ شەهید کرد کۆتایی بەو چالاکیە هێنا . شۆرشی ئەیلول شۆرشێکی گرینگ بوو کاریگەری بەسەر هەموو بەشەکانی باشوری کوردستان هەبوو کەم تا زۆر، دەربارەی رۆڵی گوندی کرۆژ لەم شۆرشەدا بایەخی کەم نەبوو ، چونکە زۆرترین لاوی گوند بەژداریان تیادا کردووە ، لەوانە وەک ( عومەر ئەحمەد ، نوری سلێمان ، عبداللە عمر ، رەئوف سلێمان ) خەلکی گوندی کرۆژ لەپێناو کوردایەتی چەندین شەهیدی بەکوردستان بەخشیوە ئازار و ئەشکەنجەئ زۆریان لەدەست حزبی بەعس چەشتووە وەکو هەموو گوندەکانی کورستان بێ بەش نەبوونە لە پەلاماری درندانەی رژێمی بەعسی ڤاشی ، بەهۆی داڵدەدانی ( پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان ) شەری تیادا ئەنجام دراوە بەر شاڵاوینەگریسی کەوتووە ، چەندین ئافرەت و پیر و گەنج و منداڵ بوونەتە قوربانی(١).

---

(٣) چاوپێکەوتن لەگەل (ئیبراهیم قادر ) لەگوندی کرۆژ ، لەریکەوتی ٢٠٢٤/٢/٩ ،لەسالی ١٩٦٤ لەدایک بووە، لەگوندی کرۆژ.

## باسی سێیەم / ( شۆڕشی نوێ و گوڵان ١٩٧٦ – ١٩٨٠) کاریگەری لەسەر گوندی کرۆژ

شۆڕشی گوڵان، قۆناغێکی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە، بەراورد بە شۆڕشەکانی دیکەی پێش خۆی، خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت و ئایدیای تایبەتە. ڕاستە شۆڕشی گوڵان تەواوکەری شۆڕشی ئەیلوولە و لە پێناو هەمان ئەو ئامانجانەی کە شۆڕشی ئەیلوول خەباتی بۆ دەکرد، بەدیهات، بەڵام بارودۆخ و قۆناغی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان جیاواز بوو، بڵیسەی شۆڕشی گوڵان لە بیست وشەشی مانگی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ وقارەمان بەسەرپەرشتی وسەرکردایەتی هەردوو ڕابەری مێژوویی سەرۆک مەسعود بارزانی و کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد هەڵگیرسا ، هەرلەگەڵ لێدانی یەکەم فیشەك پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەی بڵاوکردەوە تیایدا داوای لە گەلی کورد کرد هاوکاری شۆڕش بن بۆبەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی دیکتاتوریەت ، ئەگەرچی ڕۆژانی هەڵگیرساندنی شۆڕش سەخت ودژواربوون ، بەتایبەت لەوکاتانەدابوو کە ڕژێم ئیمزای پاشکەشەی بۆ ڕژێمی پاشایەتی ئێران کرد لە ڕێکەوتنێکی بەدناو و شووم دا کە دواتر بە( ڕێکەوتنی جەزائیر) ناسرا، ولایەنێکی گرینگی سنووری ، هەروەها بەشێکی زۆری (چۆمی عەرەبی) پێشکەش بەشای ئێران کرد، کە ئەمەی دوایی خەونی پێوە دەبینی ، هەڵگیرساندنی شۆڕش دەنگ وسەدایەکی یەکجار زۆری چ لە ناوەوەی شار و گووندەکان یاخود لە دەرەوەی وڵاتیش دایەوە، بووە هۆی دووبارەبوونەی هیوا وئومێد بۆ پرسی ڕەوای کورد ، ئەم شۆڕشە دوای ساڵێک لە (ڕێکەوتنی شوومی جەزائیر) هەڵگیرسا ، بەمەش چیا ودۆڵەکانی کوردستان دووبارە بوونە جێگای مەزنی وشۆڕشگێڕی و خەباتی پێشمەرگایەتی گەلی کوردستان ، لەماوەی ناوەڕاستی هەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا پرسی کورد بە هۆی بێ دەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە هەلسووکەوتی دیکتاتوریەتی سەردەم لە بەغدا ئەوەبوو بۆ ماوەیەك دووچاوی خامۆشی ببۆوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دا گوڵانی پێشکەوتنخواز بووە هێماو سیمبوول وبەرخوودان بۆ گەلێکی زوڵملێکراو وچەوساوە ڕۆڵی گوندی کرۆژیش لە شۆڕشی نوێ و گوڵان دا بێ بایەخ نەبوو هەر وەک چەندین پێشمەرگە بەژداریان تیادا کردبوو وەک ئەوەئ باس دەکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگەو بەعس دا لەناوچەیەک بوو بەناوی پشدێنە نزیک گوندی کرۆژ لەو شەڕەدا ڕۆڵی بەرزیان بینی بۆ ماوەیەک هێرشەکانی بەعسیان ڕاگرت دواتر دووچاری هێرشی گەورەتر هاتن و لە ساڵی ١٩٨٠ گوندەکایان کاول کرد و خەڵکەکەی دووبارە ڕاگویزران بۆ شار و شارۆچەکانی دەوروبەری گوندەکە لەم شەڕەدا نزیکەی ١٠ کەس بریندار و کوژران (١) .

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سەرتیپ غفور ) لەگوندی کرۆژ ، ٢/٩/ ٢٠٢٤،لەساڵی ١٩٨٠، لەدایک بووە لەگوندی کرۆژ .

## باسی چوارەم / دۆخی سیاسی گوندی کرۆژ ( ١٩٨٠ -٢٠٠٣)

دەربـــارەی بـــاردۆخی سیاســـی گونـــدی کـــرۆژ وەکـــو هەمـــوو ناوچەکـــانی تـــری کوردســـتان خەلـــکەکەی دووچـــاری شـــەڕ ودەربەدەرکـــردن وێرانکـــاردن ئـــازار و مەینەتـــی ببـــونەوە ، خەلکـــی گونـــد لەپێنـــاو هەســـتی کـــوردایەتی نیشـــتمان پەروەری بەردەوام لەخەبـــات و رۆل گێـــران دابـــوون کەم تـــا زۆر رۆلـــی خۆیـــان گێـــراوە لەزۆریـــنەی راپەرینەکوردییەکـــان دژی داگیـــرکەران بەژداریـــان کـــردووە چەنـــدین شـــەهیدیان بە کوردســـتان بەخشـــیوە ، ئەگەر باســـی لایەنـــی سیاســـی گونـــدی کـــرۆژ بکەیـــن ئەوە بەدەر نەبـــوو لەشـــەڕ و شـــۆر و گرفتـــی سیاســـی یـــاخود بڕیـــارە سیاســـیەکانی حکـــومەتی عێـــراق پەیـــرەو دەکەن ، کاریگەریـــان هەیە لەســـەر دابەشـــبوونی دانیشـــتوان و ئاراســـتە کردنیـــان بـــۆ نیشـــتەجێ بـــوون لەنـــاوچەیکی دیـــارکراودا ئەمەش هۆکـــارێکە بـــۆ زیـــاد بـــوونی ژمـــارەی دانیشـــتوان و گـــۆرانی هاوســـەنگی دابەشـــبوونیان لەنێـــو بەشـــەکانیاندا ، گونـــدی کـــرۆژ بەهـــۆی رژێمـــی صـــدام حســـێن ســـالی ١٩٨٢ تێکچـــووە. زۆربەی خەلـــکەکەی بەرەو کۆمەلگـــا زۆرە ملـــێ و شـــارەکان ئـــاوارەبوون ئەوکـــات ژمـــارەی دانیشـــتوانەکەی نـــزیکەی ٢٠٠ کەس دەبـــوون دووبـــارە ئەم گونـــدە ســـالی ١٩٩١ دوای ئـــازادبوونی لە ئەنجـــامی راپەریـــن دژی حکـــومەتی عێـــراق دووبـــارە ئـــاوەدان کـــرانەوە خەلـــکەکەکەی وردە وردە لەشـــار و کۆمەلگـــا زۆرەملێکـــان بەرەو گونـــدی کـــرۆژ گەرانەوە (١). رژێمـــی بەعـــس ئەو سیاســـەتانەی گرتبـــووە بەر بەئامـــانجی ئەوەی گوزەرێـــک لە پێشـــمەرگە بـــدات وشۆرشـــی کـــوردی کۆتـــایی پـــێ بێنیـــت ، بەلام هـــیچ یەکێـــک لەم سیاســـەتانەی وای نەکـــردووە خەلکـــی گونـــد بگـــۆڕن ، بەلکـــو هەمـــوو کـــات لەگەل شـــۆرش بـــوون و بە ئاشـــکراو بە نهێنـــی هاوکـــاری پێشمەرگەیان کردووە (١).

---

(٢) چـــاوپێکەوتن لەگەل ، ( ئەســـکەندەر محمـــد ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، لەرێکەوتـــی ٢٠٢٤/٢/٩ ، لەســـالی ١٩٧٦ لەدایـــک بـــووە ، لەگوندی کرۆژ .

سیاسەتی رژێمی بەعس زۆر ورد بوو سیخوڕی دەنارد بۆ گوندەکان بۆ ئەوەی بزانن کێ پێشمەرگەیە یاخود کێن ئەوانەی یارمەتی پێشمەرگە دەدەن لەماڵی کێ دەمێننەوە ، یان پێشمەرگە چ جۆرە چەکێکیان لایە و چی دەخۆن و کەی دەخەون و چۆن دێن بۆ گوندەکان ولەچ کاتێکدا ، هەڵوێستی گوندەکان لە شۆرشەکان بەتایبەتی چینی جوتیاران لەهەمووکات لەگەڵ شۆرش بوونە لەخەمی هاوکاری شۆرش بوونە تا رادەیکی زۆر هاوکاری ماددی مەعنەویان کردووە لەرووی خواردن و جلوبەرگ و هەر پێداویستیک لەتوانایان هەبوایە بەخشیویانە ، لەلایەن خەلکی گوند لە شەوان و شوێنی حەوانەوە بۆ پێشمەرگەکان دابینکراوە ئەوکاتە چاوی رژێمی بەعس لەسەر گوندەکە بوو بۆ ئەوەی یارمەتی پێشمەرگە نەدرێت ، چونکە دەیانزانی لەلایەن خەلکی گوند یارمەتی پێشمەرگە و شۆرش دەدرێن (١). هەر لە کۆنەوە گوندی کرۆژ لە رووی سیاسیەوە رۆلی بەرچاوی هەبوو لە رووی خەباتی کوردایەتیەوە کە ئەم سنورە زۆرێک لە پێشمەرگە قارەمانەکان و خزم و کەس وکاری پێشمەرگەی تێدا بوو زۆر جار پێشوازی گەرم و تایبەت لە پێشمەرگە قارەمانەکان دەکرا ، گوندی کرۆژ لەو کاتەوە خاوەن سەرکردەی خۆیان بوون کە ئەو کاتە سەرکردەیەک بەناوی رەئوف جلال سەرکردە بوو هەموو فەرمانە سیاسی جوڵە سیاسیەکان و پەیوەندیان بە پێشمەرگە لە چوارچێوەی رەئوف ئەم سنورە ببوە هۆئ هەرەسان کردنی حکومەتی بەعسی و دوای ئەوەی چەندین جار خەلکی بەپارە دەگرت بۆ ئەوەی هەواڵ و جموجۆلەکانی هێزی پێشمەرگە و خەڵک و دایک و باوکی پێشمەرگەکانی ئەم ناوچە یە بۆ حکومەت بگوازنەوە (٢).

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( حەتەم عومەر ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/٢/٩، لەسالی ١٩٧٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( غفور عومەر ) لە گوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/٢/٩ ، ١٩٦٩ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ .

## تەوەری چوارەم : لایەنی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی گوندی بادەوان

### باسی یەکەم : باردۆخی رۆشنبیری

**١ –( خوێنــــدن )** ســـەرەتائ خوێنـــدن لە گونـــدی کـــرۆژ لەســـالی ١٩٨٢ دەســـتی پـــێ کـــــردووە ، بەلام پاشـــــان گونـــــدەکە لەســـــالانی هەشـــــتاکان لەلایەن رژێمـــــی بەعســـــەوە رووخێنـــرا بـــوو لـــێ درابـــوو دواتـــر لەســـالی ١٩٩٢ تیـــادا خوێنـــدنگێکی چـــوار پـــۆلی تیـــادا دروســـت کـــرا تـــا پـــۆلی شەشـــەمی ســـەرەتایی خوێنـــدنی تیـــا دەســـت پـــێ دەکـــاتەوە ســـەرەتا قوتابخـــانەکە لە کـــابینە بـــوو بەلام دواتـــر لەگەل نـــوژەن کـــردنەوەئ کـــرا دیـــوارو پـــۆلی گەورەترلەســـــالی ١٩٩٩ ، یەکەم دوو مامۆســـــتائ ســـــەرەتائ گونـــــدی کـــــرۆژ محمـــــد تـــارق و ســـدیق نەوزاد بـــوو کە خەلکـــی ســـلێمانی بـــوون دەســـتیان بەوانە وتـــنەوە کـــرد لە قوتابخـــــانەکەدا ، لە پێشـــــودا زۆربەئ مامۆســـــتاکان لەدەرەوەئ گونـــــدەکە بـــــوون بەڵام لە ئیســـــتادا زۆربەئ مامۆســـــتاکان لە نێـــــو خـــــودی گونـــــدەکەدا هەلکەوتـــــووە و خـــــزمەت بە گونـــــدەکە دەکەن وەک م. هیـــــوا و م .بـــــیلال م. ســـــەرهەد . ســـــەبارەت بە رێـــــژەئ قوتـــــابی لەســـــەرتادا بـــــاش نەبـــــوو بە هـــــۆئ کەمـــــی خـــــزمەت گـــــوزاری و رژێمـــــی بەعـــــس و کەمـــــی مامۆســـــتاش ، بەڵام دواتـــــر بەرە بەرە پێشـــــکەوتنی بە خـــۆیەوە بینـــیەوە ژمـــارەئ مامۆســـتا و قوتـــابی زیـــادی کـــردوە ، لە ئیســـتادا ٣٢ قوتـــابی ســـەرەتائ هەیە لە گونـــدەکەدا . دواتـــر دەچـــنە ســـماقولی بـــۆ خوێنـــدنی ســـانەویی و دواتـــر بۆ زانکۆکانی کوردستان بەتایبەت زانکۆئ سلاحەدین (١).

---

(١). چـــاوپیکەوتن لەگەل ( بـــیلال ســـلیمان ) ، لەگونـــدی کـــرۆژ ، ١٠/٣/ ٢٠٢٤/ ، لەســـالی ١٩٨٩ لەدایـــک بـــووە ، لەگونـــدی کـــرۆژ مامۆستا .

٢ – **(خوێنـــدنی حـــوجره)** لەگونـــدی کـــرۆژ ســـەرەتائ دروســـت بـــوونی مـــزگەوت دەگەرێـــتەوە بۆســـالی ١٩٥٠ دروســـتکراو یەکەم مەلائ ئـــاینی مەلا شـــەهید بـــووە ، چەنـــد ســـالێک پـــێش راگواســـتن لەم گونـــدەدا حـــوجرە هەبـــووە کە مەلا هاوکـــار دەرســـی دینـــی وتـــووتەوە چەنـــدین فەقـــیش هەبـــوونە لەگونـــدەکەدا فەقـــێ ئەحـــمەد و فەقـــی یاســـین و فەقـــی هاوکار (١).

## باسی دووەم : باردۆخی کۆمەڵایەتی

١– **( ژن و ژنخـــوازی )** بـــاس دەکـــرێ لەگونـــدی کـــرۆژ شـــێوازی ( ژن بەژنـــی و بنپشـــک و شـــیربایی و ژن هەلگـــرتن ) هەروەهـــا دەڵـــین ئەو کـــاتی لەگونـــدی کـــرۆژ ئەگەر کەســـێک بیویســـتبایە هاوســـەرگیری پێـــک بێنـــی ئەوا دەبـــوو خوشـــکێکی هەبـــا بـــۆئەوەئ ژن بەژنـــی بکاتـــت ، بەلام ئەگەر کەســـێک خوشـــکی نەبـــا ژن هێنـــان بـــۆی زەحـــمەت بـــوو نمـــوونەیەکی دیـــار و زینـــدوو مـــام ( ســـلێمان ) کەژن بەژنـــی کـــردووە لەکـــاتی خۆیـــدا کەســـایەتیکی دیـــاری ئەو کـــاتە بـــووە مـــاوەی ٤٣ ســـالە ژیـــانی هاوســـەرگیری پێـــــک هێنـــــاوە لەگەل هەمـــــوو ئەوانەشـــــەدا ، ژن وژنخوازیـــــان لەگەل گونـــــدەکانی دەوروبەری کـــردووە و خزماتیـــان دروســـت کـــردووە ، جـــۆریکی تـــر گەورە بە بچـــووک بـــوو کە بە بچـــووکی کچەکەیـــان مـــارە دەکـــرد بەبـــی ئەوەی ئیزنـــی ئەو وەرگـــرن ، هەروەهـــا ئـــاهەنگیش ئەکـــرا بـــۆ مـــاوەی چەنـــد رۆژێـــک کاتێـــک ئـــاهەنگەکە دەکـــرا دەهـــۆل و زورنایـــان دەهێنـــاو خەلـــکەکە پارەیـــان دەدا بەزورنـــا لێـــدەرەکە وەکـــو شـــاباش وە خەلـــکەکە گەورە و بچـــووک و پیـــاو ئـــافرەت ، هەمـــوو خەلکـــی گونـــدەکە ئەوانەی بانگێشت بکرابان ئەوە بەژداری ئەم ئاهەنگەیان دەکرد(٢) .

---

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەل (ئیســـماعیل قـــادر ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، لەریکەوتـــی ٢٠٢٤/٣/١٠ ،لەســـالی ١٩٦٠ لەدایـــک بـــووە، لەگونـــدی کرۆژ.

(٢) . چاوپێکەوتن لەگەل ( سەلیم سەلام محروف ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٣/١٠ / ٢٠٢٤ ، لەسالی ١٩٥٧ لەدایک بووە ، .

٢– **(رۆڵی ژن )** ئافرەتەکانی گوندی کرۆژ سەرەڕای ئەرکی قورسی ناو ماڵ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی مندالیشی لە ئەستو بووە ، هەوکات هەندی جار لەدەرەوەش شان بەشانی پیاوەکان کاریان دەکرد وەکو دروێنەکردن و مەڕ بەخێوکردن و مانگا دۆشین ، جگە لەوە کاری رستن و چنین و تەونکارییان کردووە ، فەرمانی پیاوەکانیان جێبەجێ کردووە بەخێرهاتنی میوانیان کردووە تەنانەت لەدیوەخان دانیشتوون گفتوگۆیان کردووە لەگەڵ میوانەکان هەروەها دەست رەنگین و خاتوون بوون لەناوەوە و دەرەوەی ماڵ ئازادیەکی رێژەیی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە ، بەلام سەرەرای ئەوەش پابەندی دابونەریت و بەها بوونە ، تایبەتمەندی رەوشت بەرزی گوندەکەیان پاراستووە (١).

٣– **( پەیوەندیان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەردا )** کرۆژ یەکێک بووە لەوگوندانە دوور بووە لە هەبوونی هەرکێشەو ناخۆشیەک و پەیوەندی ئاشتی ودۆستانەی لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریدا هەبوو وەکو ( سێنان و سماقولی گرتک و سماقولی گەلی ) سەردانی و میوانداری یەکتریان کردووە و جیا لەوەش پەیوەندی ژن وژنخوازیاشیان هەبوو گەر پێویستیەکان هەبا لەگوندەکەی خۆیان دەست نەکەوتایە ئەوا دەیان توانی پیویستیەکانی خۆیان لە گوندەکانی دراوسیان دەستەبەر بکەن ، و ئەوانیش بەگیانێکی فراوان یارمەتیان پێشکەش دەکردن ، وەک کاک غفور لەگوندی کرۆژ لەدایک بووە کە باسی دانیشتوانی گوندەکە دەکات دەڵێت دانیشتوانی گوندی کرۆژ هەموویان لەشیخی گەلەزەردن کە بەئەسل لەسلێمانیەوە هاتوون بە شخی بەرزنجی ناونراون لەگوندەکدا نیشتەجێ بوون ئەم گوندەیان ئاوەدان کردۆتەوە (٢).

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ، (پورە مریەم ) لەگوندی کرۆژ ، لەرێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٠ ، لەسالی ١٩٦٦ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( کاکە جوان ) لەگوندی کرۆژ ، ١٠/٣/ ٢٠٢٤، لەسالی١٩٧٠ لەدایک بووە لەگوندی کرۆژ .

## دەرئەنجام

١ . لەئەنجـــــامی تـــــویژینەوەکە ئەوەمـــــان بـــــۆ دەرکەوت کە راوبۆچـــــوونێکی زۆر هەیە دەربـــــارەی نـــــاوی گونـــــدەکە . بەڵام لەدوای لێکـــــولینەوەیەکی زۆر لەو بـــــابەتە بۆمـــــان دەرکەوت کە ناوی گوندی کرۆژ لەشوێنگەیی جوگرافیاکەیەوە ناوی هاتووە .

٢ . گەیشـــــتووین بەو ئەنجـــــامەی کە خەلکـــــی گونـــــدی کـــــرۆژ لەئەنجـــــامی خراپەکاریەکـــــانی رژێـــــمە یەک لەدوای یەکەکـــــانی عیـــــراق تووشـــــی ئـــــاوارەیی و ســـــوتانی گونـــــد و دەربەدەری بۆردومان کردنی گوند بونەتەوە .

٣ . گەیشـــــتووین بەو ئەنجـــــامەی کە داهـــــاتی ســـــەرەکی و بژێـــــوی ژیـــــانی خەلکـــــی گونـــــدی کرۆژ کشتوکال و ئاژەلداری ئەوەش بۆ بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەی دەگەریتەوە .

٤ . بەهـــــوئ پەیوەنـــــدی بـــــاش لەگەل گونـــــدەکانی دەوربەری کە پەیوەنـــــدی کـــــۆمەلایەتی زۆربـــــاش لەنیوانیـــــان هەبـــــووە وەک ژن و ژن خـــــوازی وبـــــۆنە ئاینیەکـــــان لەکـــــاتی ناخۆشـــــی و خۆشی و هاوکاری یارمەتی یەکتری بوونە .

٥ . رۆلـــــی ئـــــافرەت لەو ســـــەردەمەدا دەورێکـــــی گرینگـــــی گێـــــرا وەلە یـــــارمەتی دانـــــی هاوسەرەکەی و کاروباری ماڵ و ئیشکردنی لەدەرەوە .

٦ . گەیشـــــتووین نە ئەنجـــــامەی کە لایەنـــــی رۆشـــــنبیری لەگونـــــدی کـــــرۆژ لەگەل ئەوەی زۆربەی خەلـــــکەکەی لەســـــەرەتادا نەخوینـــــدەوار بـــــوون ئەمەش دەگەریـــــتەوە بـــــۆ نەبـــــوونی قوتابخـــــانە لەســـــالە زووەکانـــــدا ، بەڵام کەســـــایەتی زۆر بەتوانـــــای تێـــــدا هەلکەوتـــــووە تەنـــــانەت لەکاتی ئیستاش دا کەسایەتی وای تێدایە کەتاکی زۆر بەسوودی کۆمەلگای کوردین .

٧.خەلکـــــی کـــــرۆژ هەموویـــــان لەشـــــیخی گـــــلەزەردن کە بەئەســـــل لە ســـــلێمانی هـــــاتوون گوندەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە کە بە بەرزنجی ناسراون .

# لیستی سەرچاوەکان

## کتێبەکان


(١) د .عبداللە غفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم (هەولێر، ٢٠١٥ ) ، ل ٤٥٤ .

(٢) . بەرنامەی رووداو ، گوندی کرۆژ ، ئامادەکردن و پێشکەشکردن ، حەیدەر عومەر ، لەرێکەوتی ٢/٣٠/ ٢٠٢١ پەخشکراوە

٣. ئینسکلۆ پیدیای هەولێر ، چاپی یەکەم ٢٠٠٩ ، ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری ١٩٥٧.


## چاوپێکەوتنەکان


(١). چاوپێکەوتن لەگەڵ ( بیلال سلیمان ) ، لەگوندی کرۆژ ، ١٠/٢٧/ ٢٠٢٣/ ، لەسالی ١٩٨٩ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ مامۆستا .

(٢) . چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سەلیم سەلام معروف) ، لەگوندی کرۆژ ، ١٠/٢٧ / ٢٠٢٣ ، لەسالی ١٩٥٧ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ موختاری گوندی کرۆژ .

(٣) . چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سلێمان عومەر ) لەگوندی کرۆژ ، ٢٧/ ١٠/ ٢٠٢٣ ، لەسالی ١٩٦٧ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە .

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( غفور عومەر ) لە گوندی کرۆژ ، ٢٠٢٣/١١/١٠ ، ١٩٦٩ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژخەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە .

(٥). چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد عومەر ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٣/١١/١٠ ، لەسالی ١٩٨٠لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( پشتیوان عبداللە ) ، لەگوندی بادەوان ، ٢٠٢٣/١١/١٠، لەسالی ١٩٨٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژخەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە .

(٧) . چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سەلیم سەلام محروف ) ، لەگوندی کرۆژ ، ١١/١٠ / ٢٠٢٣ ، لەسالی ١٩٥٧ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ موختار .

(٨) ( لەتیف سەرهەد ) ، چاوپێکەوتن ، ١٢ /٢٠٢٤/١ .

(٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( کاکە جوان ) لەگوندی کرۆژ ، ١/١٢/ ٢٠٢٤، لەسالی١٩٧٠ لەدایک بووە لەگوندی کرۆژ ، خەریکی کشتوکاڵ ئاژەڵداریە .

(١٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ، (رەئوف رەشید ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی ١٩٦٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە .

(١١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ، (نیازحاجی مەلا ) لەگوندی کرۆژ ، لەرێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی ١٩٨٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ ، خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە.

(١٢). چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد عومەر ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی ١٩٨٠لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ لەبواری پەلەوەرەوە. بوونە .

(١٣) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ، (پـــورە مـــریەم ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، لەرێکەوتـــی ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەســـالی ١٩٦٦ لەدایـــک بـــووە ، لەگوندی کرۆژ ، لەبواری ئاژەڵداریەوە بوونە .

(١٤) . چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ( پـــورە نظیـــف ) ، لەگونـــدی کـــرۆژ ، ١/١٢ / ٢٠٢٤ ، لەســـالی ١٩٦٤ لەدایـــک بـــووە ، لەگونـــدی کـــرۆژ لەبواری ئاژەڵداریەوە بوونە .

(١٥) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ( کـــاکە جـــوان ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، ٢/٩/ ٢٠٢٤ ، لەســـالی١٩٧٠ ، لەدایـــک بـــووە لەگونـــدی کـــرۆژ .

(١٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( غفور عومەر ) لە گوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/٢/٩ ، ١٩٦٩ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ .

(١٧) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیبـــراهیم قـــادر ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، لەرێکەوتـــی ٢٠٢٤/٢/٩ ،لەســـالی ١٩٦٤ لەدایـــک بـــووە، لەگونـــدی کرۆژ.

(١٩) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ( ســـەرتیپ غفـــور ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، ٢/٩/ ٢٠٢٤،لەســـالی ١٩٨٠، لەدایـــک بـــووە لەگونـــدی کـــرۆژ .

(٢٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ ( حەتەم عومەر ) ، لەگوندی کرۆژ ، ٢٠٢٤/٢/٩، لەسالی ١٩٧٤ لەدایک بووە ، لەگوندی کرۆژ .

(٢١) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیســـماعیل قـــادر ) لەگونـــدی کـــرۆژ ، لەرێکەوتـــی ٢٠٢٤/٣/١٠ ،لەســـالی ١٩٦٠ لەدایـــک بـــووە، لەگونـــدی کرۆژ.

## پاشکۆ

### پاشکوئ ژمارە (١)



**پاشکوێ ژمارە (٢)**



**پاشکوێ ژمارە (٣)**



**پاشکوی ژمارە (٤)**

**( ئەشکەوتی کونی کرۆژ )**

